# لەكۆتايی دەورەيەكدا

## دەقی وتەی منصور حكمت لە كۆبوونەوەی ئیفتتاحیەی كۆنگرەی یەكەمی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێراندا ( ساڵی1994 )

سەعید ئەحمەد لە فارسیەوە كردوویەتی بە كوردی/ 1998

باسەكەی من لەسەر جێگاوشوێنی تایبەتی‌ی برگەیەكە كە ئەم كۆنگرەیەی تیادا بەرپا دەكرێت. پێم وایە چ لەڕووی ڕەوتی هەلومەرجی بابەتی لەئاستی جیهانی‌داو چ لەڕووی ئاڵوگۆڕی دەروونی‌ی چەپەوە، وە تەنانەت لەڕووی ڕەوتی حەرەكەتی حزبی خۆشمانەوە، ئێمە كۆتایی قۆناغێك‌و كۆتایی دەورەیەكی لێڵ تی‌دەپەڕێنین. گەیشتنی هەموو ئەم پرۆسە جیاوازانە بە خاڵی وەرچەرخانی چارەنووس ساز لەم برگە تایبەتەدا، لەبنەڕەتدا بەرێكەوت نی‌یە، هەرچەندە لە هەندێ جوزئییاتدا دەتوانێ وابێ. ئەو قۆناغەی كە خەریكە تەواو دەبێ، لایەن‌و ئەبعادی جیاجیای هەیەو من دەمەوێ سەرنجی كۆنگرە بۆ ئەم تایبەتمەندی‌یەی ئەم دەورەیەی ئێستاو لایەنە گرنگەكانی ڕابكێشم‌و تەئكید لەسەر ئەو ئەنجامانە بكەم كە بەبڕوای من دەبێ لەم جێگاو شوێنەوە وەربگیرێت.

لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئێمە شاهیدی زنجیرەیەك ئاڵوگۆڕ بووین كە گرنگترین ئاڵوگۆڕەكانی سەرتاپای سەدەی بیستەمیان پێك دەهێنا. ئەم دەورەیە، كە بە زاراوەی وەك دەورانی پاش جەنگی سارد، دەروانی داڕوخانی بلۆكی ڕۆژهەڵات، مەرگی كۆمۆنیزم، دەست پی‌كردنی نەزمی نوی‌ی جیهانی‌و...تاد قسەی لی‌ ئەكرێت، لەڕووی گرنگی‌و چارەنووس سازی‌یەكەیەوە لە مێژووی كۆمەڵگای هاوچەرخدا، هاوتای دوو جەنگی جیهانی وەیان شۆڕشی ئۆكتۆبەرە. لەڕووی سیاسی‌یەوە، لەڕووی ئابووری‌یەوە، لەڕووی ئەو ئاڵوگۆڕە ئایدۆلۆژی‌یەوە كە بەسەر كۆمەڵگایدا هێناوە، لەڕووی كاریگەری‌یەكەوە كە لەسەر جیهانبینی ئینسانەكان‌و تێڕوانینی ئەوان بۆ فەلسەفەی ژیان داینـاوە، وەسەرئەنجام لەڕووی تێكۆشان‌و كاریگەری‌یەك كەلەسەر كۆمۆنیستەكان‌و چەپی دانا، ئەم دەورەیە لەڕادەبەردەر مێژوویی‌و چارەنووس ساز بووە.

هەڵبەتە ئەوەی کە ئێمە بووینە شاهیدی دەورەیەکی وا چارەنووس ساز هونەری خۆمان نەبوو. بەڵام شتێك هونەری ئێمە بووەو من دەمەوێ بەرلە هەرشتێك سەرنجی کۆنگرەی بۆ ڕابکێشم.

ئەم دەورەی ئاڵوگۆڕە گەلێك قوربانیی هەبوو. لەشێوەی بزووتنەوە جیاجیاکان، ئامانجە جیاجیاکانو ئەو ئاسۆیانەی کە لەدەست دران، بەڵام ئێمە لەنێو ئەم قوربانییانەدا نەبووین. ئەمە دەورەیەك بوو کە تیایدا کۆتایی هاتنی کۆمۆنیزمیان ڕاگەیاند. ئەگەر 80 لەسەدی ئەم ئیدعایەش درۆ بووبێت، بەهەرحاڵ 20 لەسەدی نیشاندەری واقعییەتێکی بابەتییە، ئەویش تەریك کەوتنەوەی چەپ، وە چەپی مارکسیست بوو لە کۆمەڵگادا. ئەمە واقعییەتێك بوو. خودی ئێمە لە چەندین ساڵ بەرلەئێستاوە، لە کۆنگرەی سێیەمی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، وە تەنانەت بەمانایەکی گشتیتر لەکۆنگرەی دووەمییەوە، چووین بە پێشوازی ئەم واقعییەتەوە. ئەم پاشەڕۆژەمان بینی بوو، پووکانەوەی ئەم چەپەمان پێشبینی کردبوو و لەبەرامبەریدا کۆمۆنیزمی کرێکاریمان وەکو ئەلتەرنەتیڤ خستبووە ڕوو. لەم دەورەیەدا نەتەنها بزووتنەوە چەپو کۆمۆنیستەکان کەوتنە ژێر مەنگەنەوە، بەڵکو بەگشتی ئامانجە یەکسانیخوازەکان، ئازادیخوازەکان، خودی خۆشبینی بە زاتی ئینسانی، ئومێدی ئەوەی کە کۆمەڵگا دەتوانێ بەئاراستەی باشتر بووندا بڕوات، وە تەنانەت هەر جیهانبینیو تێڕوانینێکی فەلسەفی کە بە هەر شێوەیەك ئینسان بە عونسرێکی کاریگەر لە ژیانی خۆیدا پێناسە بکات، هەموو ئەمانە پاشەکشەیان پێکرا. لەبەرامبەردا، دەورەیەك لە نائومێدی، سەرلێشێواوی، وە بەدبینیی سەبارەت بە ئایندەی ئینسانو ڕێڕەوی کۆمەڵگای ئینسانی دەستی پێکرد. لەم دەورەیەدا شاهیدی پەرتاب بوونی ژمارەیەکی زۆر، ژمارەیەکی بێشومار، لەو ئینسانانە بووین کە لە دەورەی پێشوودا خۆیان بە پێشکەوتنخواز، ئازادیخواز، یەکسانیخواز، ئیجابیو سودمەند پێناسە دەکرد. ئێمە شاهیدی قوربانی بوونی ئەمانە بووین. شاهیدی ئەوە بووین کە ژمارەیەکی زۆر بەو ئەنجامە گەیشتن کە هیچ شتێك سودی نییە، تەنانەت بوونە کۆرسی خەڵکانی ترو لەدوای ئەوانەوە وتیان ئەمە "کۆتایی مێژوو"ە، دنیا هەر ئەمەیەو ئیتر هەروا دەمێنێتەوە. فۆرمۆڵبەندیی جۆراوجۆر سەبارەت بەوەی کە دنیا هەر ئەمەیەو دەبێ لەگەڵی بسازێین، لە هەموو دەلاقەکانی کۆمەڵگاوە، لەجیهانی هونەرەوە تا سیاسەتو تیۆریو ئایدۆلۆژی سەریان دەرهێنا. ئەنجامێکی بەڕواڵەت حاشاهەڵنەگر کە بەدەستەوە دراو حوکمێك

کــە وەکــو بیرۆکەیــەکی ســەرکەوتوو ڕاگەیــەنرا ئەمــە بــوو کــە ئــەوە کۆمــەڵگای سەرمایەداریىیە کە سەرکەوتووە، ئیتر ئەمە بەشی ئینسانە، ئەمە دیموکراسیىیە (هەر ئەمەی کە دەیبینن نەك بیرۆکەکانی سەدەی نۆزدەهەم)، ئەمە هەلومەرجی کارو گوزەرانە، زاهیرو باتنی جیهان هەر ئەمەیەو ئینسانەکان دەبێ خۆیانی لەگەڵ بسازێنن. ئەم خۆسازانەش هەرکەسە دەبێ لەخەڵوەتگەو تەنهایی خۆیدا ئەنجامی بدات چونکە ئەتۆمیزە بوونی تەواوی ئینسانەکانیش تایبەتمەندیىیەکی تری ئەم دەورەیە بوو: دەستوپێ بەستراویو تەسلیم بوونی تەواوی فەرد لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کە بەسەری دەهات، لە سەیرکردنی هەموو ڕۆژەی کوشتاری خەڵك لەئاستی دەیان هەزار کەسی لە ڕۆژێکدا وە ئەوەی کە کارێکت لەدەست نایەت، تا ئەوەی کە معلوم نىیە هەر سبەێنێ چی بەسەر کارو سەعاتی کارو کرێکەی خۆتدا دێت وەیان چارەنووسی مافی زیندوو مانەوەت یان مافی چوونە مەدرەسە چی بەسەر دێت. ئەم تەمومژە ئاسمانی جیهانی داگرت.

بەبڕوای من ئێمە قۆناغی یەکەمی ئەم دەورەیەمان تێپەڕاندووە، دواتر ڕوونی دەکەمەوە چۆنو بۆچی. بەڵام ئەوەی کە ئێمە سەرەڕای هەموو شتێك دەبێ لەم دەورەیەدا شانازی پێوە بکەین، ئەوەیە کە ئێمە نەتەنها لەڕیزی قوربانیانی ئەم دەورەیەدا نەبووین، بەڵکو لەو چەند دانە ڕووداوە ئیجابیىیانە بووین کە لەم دەورەیەدا لەجیهاندا ڕوویان دەدا. لەبەرامبەر ئایندەیەکی تاریکدا کە بۆرژوازی بەکردەوە سەرباری هەمو وەعدەو بەڵێنەکانی دەیخستە بەردەم ملیۆنەها ئینسان، ئێمە یەکێك بووین لەو چەند ڕایەڵانەی کە کۆمەڵگایان بە ڕابردوویەکی ئومێدبەخش، بەخەباتی حەقخوازانەی ڕابردوو و ئەو ئاسۆ ئینسانىیە فراوانانەی کە لە دەیان ساڵ پێشترەوە ئینسان چاوی تێ بڕیبوو پەیوەست دەهێشتەوە. ئەگەر ئێمەومانان لەم تەسویرە بکەنە دەرەوە، ئێمەو ئەو ئینسانو ڕەوتانەی چەشنی ئێمە کە وەك هەمیشە پێیان داگرتو وتیان نەخێر، ئازادی مانای هەیە، یەکسانی ئینسانەکان مانای هەیە، بزووتنەوەی چینی کرێکار مانای هەیە، ئەوکاتە ئەم دەورەیە دەبووە دابڕانێکی بنەڕەتىی لەمێژووی جیهاندا. وەکو شەڕێکی ئەتۆمی کە شارستانێتی دوای ئەو دەبێ لەسەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە. بەڵام کەسانێكو ئینسان گەلێك هەبوون کە مقاوەمەتیان کردو هەوڵیان دا ئاراستەی جیهان لەم وەزعە چەپەڵو ئایندە چەپەڵترەی کە بەڵێنیان دەدا بەلای ڕابردوویدا وەرچەرخێننو وەبیری بهێننەوە کە پێشتر هیواو ئامانجێك هەبووە، مەبادئێك هەبووە، کۆمەڵێك پێشڕەوی

هەبووە، مارکسێك هەبووە، ئامانجێکی سۆسیالیستی هەبووە، بیمەیەکی بێکاری هەبووە، حقوقێکی مەدەنیو کۆمەڵایەتی هەبووە. ئێمە لەڕیزی ئەم مقاوەمەتەدا بووین، لەو ڕایەڵانە بووین کە نەیاندەهێشت دنیا لە چاوگە ئینسانیو مەدەنییەکەی ڕابردووی دابڕێتو بە پەیوەستیی دەیان هێشتەوەو بەم جۆرە ڕێگەیان خۆش دەکرد بۆ پەلاماری دووبارە لە ئایندەدا. ئێمە لەو دەروازانە بووین کە دیمەنە کۆنترو ئینسانیترو گەروەترەکانیان لەبەرچاوی ئەم دنیایە دەهێشتەوە.

کاتێك دەڵێم "ئێمە"، ڕەنگە کەسێك لێرە لەبەر خۆیەوە بیر بکاتەوەو بڵێ "بەڵام من خۆم لەم دەورەیەدا کارێکی ئەوتۆم نەکردووە". ئەمە گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە کە ئێمە هەموومان  خشتەکانی بزووتنەوەیەکمان پێك دەهێنا کە بەسەریەکەوە ئەم ڕوخسارەی لەخۆی نیشان داو ئەم ڕۆڵەی گێڕا. وە بەبڕوای من ئەم ڕۆڵە لەچوارچێوەی هەڵسووڕانی ڕاستەوخۆی ئەم بزووتنەوەیەدا، ئێرانو ناوچەکە، چارەنووس ساز بووو لەدەرەوەی ئەویش بێبایەخ نەبوو. لە ئایندەدا زۆر کەس دەگەڕێنەوەو چاو بەم دەورەیەدا دەگێڕنەوەو ناچارن لەڕێگەی ئێمەوە، وە لەکەناڵی ئەم دەریچەو ئەم پەیوەندانەی کە ئێمەو کەسانی وەك ئێمە لەگەڵ ئینسانیەتی بەر لەم تاریکییەی دوایی وە لەگەڵ ئامانجە ئینسانیو سۆسیالیستیو یەکسانیخوازانەکاندا پاراستمانو هێشتمانەوە، سەیری مێژووی خۆیان بکەن. بۆ نموونە ئێمە هەوڵماندا مارکس زیندوو ڕابگرین. بۆ یەك سات بیهێننە بەرچاوتان کە ئەگەر مارکس لەجیهان بسەنننەوە چ شتێکی لێئەمێنێتەوە. ئێمە لەڕیزی کەسانێکدا بووین کە هەوڵیان دا ڕێگە نەدەن دنیا لە مارکس، لە لینین، لە بیرۆکەی یەکسانیو ئازادی بەشێوەیەکی گشتی مەحروم بکەن. وە ئەم دەریچەیە هەرچەندێك بچووك بووبێت، هەرچەندێك ئێمە ناچالاك بووبێتین، هەرچەندێك حزبو بزووتنەوەیەکی بەرتەسك بە وڵاتێكو ناوچەیەکی کەم بایەخو لاوەکی بووبێتین لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بەهەرحاڵ دەریچەیەك بووینو لە دەریچە بچووکەکانەوە دەکرێ سەیری دیمەنی گەورە بکرێت. کەسێك کە دواتر سەیری ئەم دیمەنە دەکات، کارێکی بە ڕادەی هەوڵەکەی ئێمەوە نییە، کاری بە ناوەڕۆکی هەوڵەکەی ئێمەوە هەیە. ئەمە ئەو شتەیە کە بەبڕوای من ئێمە دەتوانین سەربەخۆ لە ئەندازەی هەوڵی تاکە کەسیی یان دەستە جەمعیی خۆمان، پێی سەبەرز بین. دەتوانین بگەڕێینەوەو بڵێین کە لەم ساڵانەدا، لەم دەورەیەدا کە تۆپێك دای بە ناوەڕاستی جیهانی بۆرژوازیداو بۆگەناو بە هەمووڵایەکدا پەڕی، وە ژمارەیەك ئینسانی زۆریش لەگەڵیدا پەڕین، بەجۆرێك کە

ئیتر جیاکردنەوەی بۆگەناو لەو ئینسانانە ئیمکانی نەبوو، ئێمە ئاشکرا بوو کە چ دەڵـێین، ئێمـە ڕاوەسـتاینو ئـەو ئاسـۆیانەمان لەبەرچـاوی خـەڵكدا هێـشتەوە. وە بەبڕوای من ئەمە ئەمڕۆ خەریکە وەڵام دەداتەوە. دەورانی لیڵی خەریکە بەحوکمی هەلومەرجی بابەتیو هەروەها بە هەوڵو تەقەلایەکی لەم جۆرە، کۆتایی پێ دێتو ئێمە دەگەینە خاڵێك کە بۆجارێکی تر دەکرێ قسە لە پێشڕەوی بکرێتو بۆ پێشڕەوی هەوڵ بدرێت.

ئەم کۆنگرەیە دەبێ کۆنگرەی بەڕەسمییەت ناسینی ئەم حەقیقەتە بێت لەبارەی خۆمانەوە. ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە مایەی شۆڕوشەوقو شانازی بێت ئەوە نییە کە گوایا زۆر باش کارمان کردووە، بووینەتە حزبێکی زۆر مەزن، سەدان ئەنداممان گرتووەو...تاد. حەقیقەتی ئەمڕۆی ئێمە ئەمە نییە. بەڵکو ئەوەیە کە ئێمە سەربە یەکێك لە باشترین ڕێچکە فکری-سیاسییەکانی دەیەی ئەخیر بووینو بزووتنەوەکەی ئێمە لەم دەورەیەدا یەکێك بوو لە باشترین، شیرین ترین، ئیجابی ترینو ڕۆشنبین ترین ڕێچکە فکریو سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا... بەبڕوای من کەسێك کە لەم ساڵە خەتەرانەدا، سەربەم بزووتەوەیە بووە دەتوانێ ئەمڕۆ بەڕاستی سەربەرز بێت. ئەم سەرفرازییە حەقی ئەم کۆنگرەیەیە. ئەم کۆنگرەیە بەڕێکەوت نییە. ئێمەش دەکرا پەرتاب بووینایە، ئەتۆمیزە بووینایە، دەمانتوانی دەرگیری خانەگیترینو گەوجانەترین مشتومڕ بووینایە لەگەڵ خانەگیترینو گەوجانەترین ڕەوتەکاندا. بەڵام نەبووین. چووینە پێشەوە، وە بەبڕوای من تەنانەت ڕوونتر لە هەر کاتێکی تر بیرمان کردەوەو ڕێڕەوی خۆمان دیاری کرد. ئایا وەکو حزبێك لەخۆمان ڕازیین؟ بەبڕوای من وەکو حزبێك یان هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەیەك جێگای ڕەزامەندییەکی زۆر بۆ ئێمە لەئارادا نییە. بەڵام جێگاو شوێنی ئێمە لە کۆمەڵگادا لەم 8-10 ساڵەدا، جێگاوشوێنێکی موعتەبەرەو ئێمە دەبێ وەکو خاڵێکی بەهێزی زۆر گرنگ چاوی لێبکەینو حزبەکەمان لێرەوە دروست بکەین.

ڕێگام بدەن بچمە سەر تایبەتمەندییەکانی ئەو دەورەیەی کە بەرەو تەواو بوون دەچێ. ئەم دەورانە لە هەندێ ڕووەوە لەباری ئۆبجەکتیڤەوە گەیشتووەتە کۆتایی خۆیو لەهەندێ ڕووی ترەوە ئێستا دەکرێو دەبێ بەهێزی عونسری چالاك، بەهێزی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە هێزی خودی خۆمان، کۆتایی پێ بهێنرێت.

ئەگەر لەبیرتان بێت شیعارە خەسڵەتنماکانی ئەم دەورانە، "هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم"، کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو دەستپێکردنی سیستمێکی نوێی

جیهـــانیی وەیـــان لەواقعـــدا پێویـــستیی جیهـــانی بـــۆرژوایی بەســـەرلەنوێ ئارایـشدانەوەیەکی جیهـانیی بـوو. بـەڵام بـەبڕوای مـن لـەژێر ئـاڵای ئـەم شـیعارانەدا دەورانێکی لێڵ دەستی پێکرد کە تیایدا هیچ کەسێك نەیدەزانی چ ڕوودەدات. ئاوا نەبوو کە بە هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بۆرژوازی چارەنووسی خۆی لە دەورەی داهاتوودا بزانێ. ئێمە هەر ئەوکاتە تەئکیدمان لەسەر ئەو خاڵە کرد کە بەپێچەوانەوە ئـەم دەورەیـە، دەورەی بەرچـاو ڕۆشـنیی نییـە بـۆ بـۆرژوازی، دەورەی "ئاشـتی"و "دیموکراسی" نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا دەورەی ناڕۆشنییە. ووتمان خودی ڕۆژئاوا مەڵبەنـدی ئـەم ناڕۆشـنییە دەبێـت کـە جیهـەتگیری ئایـدۆلۆژیکیو سیاسـی خـۆی لەدەســت دەداتو تەنانــەت بــاوەڕە بناغەییــە ئابوورییەکانیــشی دەچــێتە ژێــر پرسـیارەوە. ڕێـك ئەمـە ڕوویـدا. ڕاسـتو چـەپی ئـەم کۆمەڵگایـە درا بەسـەر یەکـدا. مەحفەلـەکانی "ڕاسـتی تـازە"ی دەورانـی پێـشوو، کـە نۆکەرایـەتی بـانکی جیهانیو سـندوقی نێونەتـەوەیی دراویـان دەکـرد، لـەم دەورەیـەدا لەترسـی تێکەولێکـەی کۆمەڵایـەتی لـە وڵاتـە جیاجیاکانـداو پەرەسـەندنی ناسـیۆنالیزمی قـەومی، وایـان لـێهات کـە ئاهیـان بـۆ نـەبوونی باڵێکی چـەپی بـۆرژوایی کاریگـەر هەڵدەکێـشا. لەبەرامبەریـشدا بەشـێکی زۆر لـە چـەپەکانی دوێنـێ، لەسـەر گرتنەبـەری سیاسـەتی ڕاستڕەوانە پێشبڕکێی یەکتریان دەکرد. پێشتر وا بڕیار بوو ئەوروپا بەرەو یەکێتی بڕوات، بـەڵام پـاش ئـەم ئاڵوگۆڕانە، ئاشکرا بـوو کـە نەتـەنها خەبـەرێك لـە یـەکبوونی زیـاتر نییـە، بـەڵکو کـەلێنی قـووڵ دەکەوێتـە نێوانیانـەوە. ئـەمڕۆ تەنانـەت لەسـەر دیـاریکردنی سـەرۆکێك بـۆ کۆمیـسیۆنی ئـەوروپا کێشمەکێشێکی تونـد لەئارادایـە. دراوی هاوبەش ئەوە هیچ، تەنانەت ئەو میکانیزمە دراوییە هاوبەشەش کە هەبوو دەشێوێت. هەر ئەم تەرحی یەکێتی ئەوروپایە بۆ نموونە، هی وەختێك بوو کە قوتب بەنـدیی ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئـاوا بەسـەر جیهانـدا حـاکم بـوو. ئـەمڕۆ ڕووی مەسـەلەکە لەبنەڕەتـەوە گـۆڕاوەو تێکـڕای ئـەم تەرحـە خەریکـە دەستخۆشـی قـەیران دەبێـت. تەنانـەت یـەك ئایـدۆلۆگێکی موعتەبـەرو مەحفـەلێکی فکریـی بـەنفوزیان نییـە کـە نیشانی کەسێکی بدەن. قەرار بوو بازاڕ ببێتە دەرمانی هەموو مەسەلەو گرفتەکان، بـەڵام ئـەمڕۆ سـەروگوێلاك کوتـانی بـازاڕ سـەرلەنوێ خەریکـە لـە وڵاتـە جیاجیاکـان دەبێتە مۆدی ڕۆژ. ئەمڕۆ لـە زۆربەی وڵاتاندا ئەو باڵانە خەریکن دەنگ دەهێنن کە بـــەڵێنی تەعـــدیل کردنـــی میکانیزمـــە بێحەدومـــەرزەکانی بـــازاڕ دەدەن. خـــودی ڕۆژئاواییـەکان لـە ڕووسـیادا پـشتی بـاڵی لایـەنگری بـازاڕی ئازادیـان بـەرداو

بەئاسودەیی‌یەوە خۆیان لەگەڵ سیاسەتەکانی باڵە معتدل‌ترەکاندا ڕێك خست. لەیەك قسەدا بۆچون‌و پێشبینی‌یەکانی بۆرژوازی بەدرۆ دەرچوو. ئەوەی بەواقعی هاتە دی، وە ئێمە لەڕۆژی خۆیدا پەنجەمان خستبووە سەر، پەراکەندەیی، بۆشایی ئایدۆلۆژیکی، بۆشایی مەعنەوی‌و سەرلێ‌شێواویی بزووتنەوەو حەرەکەتە حزبی‌یە سەرەکی‌یەکانی خودی بۆرژوازی بوو. ئیتالیا تەنها نموونەیەکی ئەمەیە. جەنگ لەیوگسلافیای جەرگەی ئەورپا نموونەیەکی ترە. دنیاکەی ئەوان‌و سیمای واقعی‌ی دنیای پاش جەنگی سارد ئەمەیە کە ئەیبینین. تایبەتمەندیی سەرەکی ئەم دەورەیە هەرج‌ومەرج بوو. ئەم دەورەیە، دەورەی سەرکەوتنی ئەم یان ئەو ڕێبازی بۆرژوایی نەبوو. دەورەی لێڵی‌و لاموبالاتی‌و ناڕۆشنی بوو. چوارچێوە کۆنەکان شکان، مەبدەئی پێشوو ترۆ بوو، کەش‌وهەوا ئاوەلا بوو، لەم کەش‌وهەوایەدا هێزە کۆمەلایەتی‌یەکان دەستیان دایە خەبات لەدژی یەکتر. لەم کەش‌و هەوایەدا هەرکەسەو ئالای خۆی بەرز دەکاتەوەو سازی خۆی ئەژەنێ‌و بۆ سەرکەوتن‌و پێشڕەوی خۆی هەوڵ دەدات.

لێرەدا بواری قسەکردن لەسەر ئاکامە ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و فکری‌یەکانی ئەم دەورەی لێڵی‌یە نی‌یە. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا تەئکیدی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئێستا ئیتر قۆناغی یەکەمی ئەم دەورەیە تەواو بووە. ئەوە دەرکەوتووە کە ئەو ئاسۆیەی کە بۆرژوازی لە تەبلیغاتەکانی خۆی لەسەرەتای ئەم دەروەیەدا دەیخستە بەردەم دنیا پووچ بوو. مەفاهیم‌و فۆرمۆڵە سەرەکی‌یەکانی وەك "کۆتایی کۆمۆنیزم"، "بازاڕی ئازاد"، سەرکەوتنی "دیموکراسی"، "کۆتایی هاتنی دیکتاتۆری‌یەکان"، "ئاشتی جیهانیی"، "دنیای تاکە زلهێزیی"، "سەرکەوتنی شارستانێتی ڕۆژئاوا"و ...تاد، کە لەزمانی میدیاو سیاسەتمەدارو قسەکەرانی بۆرژوازی‌یەوە وەکو ناوەڕۆکی دەورەی تازە نیشان دەدران‌و لەسەرتاپای ئەم ماوەیەدا بەسەر سەری کۆمەڵگاوە دەسوڕانەوە، بێ‌ئەوەی سەرەنجام بنیشنەوە، یەك لەدوای یەك خرانە لاوە. ئێستاکە نەتەنها قسەیان لەسەر کۆتایی هاتنی کۆمۆنیزم نی‌یە، بەڵکو قسەیان لەسەر ئەوەیە کە چی‌بکەن لەو "کۆمۆنیستە پێشووانە"ی کە ناوی خۆیان گۆڕیووەو ئێستاکە یەك لەدوای یەك خەریکن دێنەوە سەرکار. لەبارەی مۆدێلی ئابووری بازاڕی ئازادیشەوە هەر وایە. ئەوە ڕاستە کە مۆدێلی ئابووری دەوڵەتیی شکستی خوارد، بەلام هێرشی باڵی ڕاست بۆسەر کۆنترۆڵ‌و دەخالەتی دەوڵەتیی ئەوەندە فراوان بوو کە ئەمڕۆ ئیتر ڕووبەڕووی شەپۆلێك لەگەڕانەوە

بووەتەوەو لەهەندێك شوێن لەژێر گوشاری خەڵكداو لەهەندێ شوێنی تریش بەهۆی ئەوەوە كە ئەو مەترسی‌یە لەئارادایە كە بەتەواوی شێرازەی كاروباری ئابووری لەزۆربەی وڵاتەكان تێك بچێتو ئاكامێكی سیاسی ئاڵۆز پەیدا بكات، هەندێ باڵی جیاجیا لەخودی بۆرژوازیی "سەركەوتوو" بوونەتە لایەنگری پیادەكردنی كۆنترۆڵی دەوڵەتیی. سۆسیال دیموكراسی سەری لە قاوغەكەی خۆی دەرهێناوە. ئەویش تەنهاو ڕێك بەو بەڵێنەی كە وەكو باڵی ڕاست توندڕەوی ناكات. ئەم بەڵێنی میانەڕەوی‌یە، تێكڕای ناوەڕۆكی سیاسی‌و بەرنامەی سۆسیال دیموكراسی ئەمڕۆ پێك دەهێنی. نە مۆدێلێكی لە حكومەت بەدەستەوە داوەو نە لە ئابووری. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر ئەم بەڵێنی میانەڕەوی‌یە، بەڵێنی ئەوەی كە لەپێناوی خزمەتكردنی بازاڕدا شمشێری لەخۆی نەبەستووە، ئایندەی سیاسی ئەم ڕەوتەی لەزۆرێك لە وڵاتەكاندا ڕۆشنتر كردوووەتەوە.

ئەم دەورەی لێڵی‌یە بەبڕوای من بەپلەی یەكەم لەو ڕووەوە كۆتایی پێ‌هاتووە كە تەپوتۆزە ئەوەڵی‌یەكە نیشتووەتەوەو هەندێك هێزی كلاسیك تر هاتوونەتە مەیدان. هەر ئەو حەقیقەتەی كە لەزۆرێك لە وڵاتانی بلۆكی ڕۆژهەڵاتی پێشوو سەرلەنوێ ڕیفۆرمیستەكان دەنگ دێننەوە، وە لە ڕۆژئاواشدا خەڵكی زیاتر بەرەو ئەوە ئەڕۆن كە دەنگ بە سەنتەر بدەن‌و زیاتر دەور بە سوسیال دیموكراسی بدەن، ئەو واقعییەتەی كە باڵی ڕاستی نوێ، كە نووكی تیژی هێرشی ڕۆژئاوای پێك دەهێنا لە قۆناغەكانی كۆتایی جەنگی سارددا، ئێستا بەكردەوە لە مەیدان كراوەتە دەرەوەو بەرەو پووكانەوە ئەڕوات، نیشاندەری نیشتنەوەی گەردو خۆڵ‌و دەركەوتنی مۆدێلە كۆنترەكانە لە گۆڕەپانی سیاسی كۆمەڵگادا. خواستو دەرك‌و ڕەفتاری سیاسی خەڵكی خەریكە بەمانایەك "ئەقڵانی"ترو لەڕابردوو نزیكتر دەبێتەوە. ئەو هێزانەش كە پێیان ناوەتە مەیدان هێز گەلێكی كلاسیك‌ترن. چەپەكان، كۆمۆنیستەكان، لیبراڵەكان، سۆسیال دیموكراتەكان، فاشیستەكان‌و ...تاد سەرلەنوێ دێنە ڕیزی پێشەوە. ئەو هەرج‌و مەرج‌و بێ‌شكلی‌یە خەریكە تەواو دەبێت.

لەئاستی جیهانیشدا ئاشكرا بووە كە بڕیار نی‌یە هەموو وڵاتەكان پەرلەمانیان هەبێت. ئەمە ڕەنگە ببێتە مایەی سەرئێشە. ژەنەراڵە سەركوتگەرو مەلا كۆنەپەرستەكانیش دەكرێ بن‌و هەروا لەسەركار بمێننەوە. ئەمە قسەی ئەمڕۆی بۆرژوازی‌یە. لە موحاسەباتەكانی ئەمڕۆیاندا وادیارە سەقامگیری‌و خۆلادان لەو كێشمەكێشانەی كە كۆنترۆڵ ناكرێن‌و خۆلادان لە شێواندنی بێ‌بەرنامەی ئەم

هەلومەرجەی کەهەیە لە هەر فاکتەرێکی تر گرنگترە. لە ئەنجامدا نەتەنها خەبەرێك لە شکۆفایی جیهانیی دیموکراسی پەرلەمانی نەبوو، بەڵکو ڕژێمە کۆنەکان لەسەر کارنو تەنانەت لەجاران زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. خەڵکی لە وڵاتانی دواکەوتوودا لەوە گەیشتن کە خەبەرێك لەم شتانە نىیەو بڕیار نىیە ڕووداوێکی تایبەتی بەلوتفی "سیستمی نوێ" بقەومێ. ئەگەر کەسێك ئازادی دەوێت، ئەوا دەبێت هەروەکو ڕابردوو خۆی خەمی خۆی بخوات. وە ئەمە پێچەوانەی ئەو کەشو هەوایەیە کە لەسەرەتای ئەم دەورەیەدا هەبوو. بیرتانە کە چۆن ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتانە کاسە بەدەست ڕیزیان گرتبوو تا بەشە دیموکراسی خۆیان لە ئەمریکاو دەسەڵاتە غەربىیەکان وەربگرن. بەڵام ئێستا، جارێکی تر ئەوە دەرکەوتووە کە ئەوە هێزو بزووتنەوە کۆمەڵایەتىیەکانن کە چارەنووسی کۆمەڵگاکان دیاری دەکەن. هەڵقون هەڵقونو شیعارە سووکو بێناوەڕۆکەکانی سەرەتای ئەم دەورەیە ئێستا کەم ڕەنگتربوونەتەوەو لەبری ئەمە تامەزرۆیی بۆ بیستنی بەرنامەو سیاسەتەکانی هێزە کۆمەڵایەتىیەکان زیاتر بووە. ئاوڕدانەوەی خەڵکی لە سیاسەت زیاترو هۆشیارانەتر بووە. میولە سیاسىیەکانو کێشمەکێشە سیاسىیەکان بەشێوەیەکی پوختەتر بەیان دەکرێن.

هێرشی باڵی ڕاست لە ساڵانی هەشتاکاندا بهێننەوە یادتان، ئەو فەرد گەرایىیە فراوانە، ئەو کاریریزمە، ئەو بەسووك تەماشاکردنەی بەرژەوەندی گشتىو ئینساندۆستىو دواتریش ئەو هەراوهوریاو جەژن گرتنە تەبلیغىو گاڵتەجاڕىیە عەقیدەتىیەی سەرەتای ئەم دەورەی لیێڵىیە بهێننەوە یادتانو لەگەڵ ئەمڕۆدا بەراوردی بکەن، ئەبینن کە نەتەنها وەرچەرخانی گەورە لەچاو سەرەتای ئەم دەورەیەی دوایىدا لەئارادایە، بەڵکو خەڵکی خەریکن هەندێك جار تەنانەت وەڵامی ڕاستگەرایی بێئەندازەی ساڵانی هەشتاکان دەدەنەوە.

بەهەرحاڵ ئەمە ئیستنتاجی منەو ئیلزامەن نامەوێ حوکمێکی تیئۆریکی قورسو خەست لەبارەی ئەم قۆناغ بەندىیەوە دەر بکەم. ڕەنگە بۆچوونی هاوڕێیانێکی تر جیاوازی هەبێت. بەڵام بەهەرحاڵ هەڵسەنگاندنی من ئەوەیە کە ئێمە لە دەورەی لیێڵی پاش هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات هاتووینەتە دەرو زەمینە بۆ کاری هێزە سیاسىیەکان ڕۆتینىتر بووەتەوە. بەتایبەتی دەکرێ ئەوە بەڕۆشنی ببینرێ کە دیسانەوە لایەنگرىکردن لە دیدێکی ئینسانىو سکاڵاکردن لە کۆمەڵگای ئێستا لە دیدگایەکی ئینسانی، وە هەندێ جار تەنانەت سۆسیالیستىیەوە، خەریکە مەیدان

پەیدا دەکاتو دەبێتە مایەی ئیعتبار بۆ کەسەکان. ئەمە نەتەنها لەجیهانی سیاسەتدا بەڵکو لە مەیدانی ژیانی فەرهەنگیو هونەریی یەك دووساڵی دواییشدا دەکرێ بەدی بکرێت. بەبڕوای من کاتی هێرشی سەرلەنوێی مارکسیستی هاتووەتەوەو کۆمۆنیستەکان دەتوانن بەقەوارەی واقعی خۆیانەوە بێنە پێشەوە. دەورەی پاشەکشەی مارکسیزمو تەریك کەوتنەوەی مارکسیستەکان بەکۆتایی هاتنی جەنگی سارد دەستی پێنەکرد، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ بەرلە ئەو. لەم نێوەدا ئاڵوگۆڕەکانی سۆڤێت چارەنووس ساز بوو، نەك بەو مانایەی کە سۆڤێت مەڵبەندی مارکسیزمو کۆمۆنیزم بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە وجودی قوتبێکی بەهێز لەئاستی جیهانیدا کە ئیدعای کۆمۆنیزمی دەکرد، هەرچەندە درۆیین، جێگاو شوێنێکی گرنگی لە مەیدانی سیاسیو فکریدا دەبەخشییە مارکسیستو ڕەخنەگرە مارکسیستییەکانی سۆڤێتیش، وە ئەمە سەرنجی هەموولایەکی لەسەر ئەوان متمرکز دەکرد. کەس نەیدەتوانی حاشا لە رکودی ئابووریو جمودی کۆمەڵایەتی کۆتایی دەورانی بریجنێف تا هاتنەسەرکاری گۆرباتشۆف، بکات. بە هاتنەسەرکاری گۆرباتشۆفو باسی پرۆسترۆیکا دەورانی پووکانەوەی ئەم قوتبە دەستی پێکرد. هەر لێرەدا دیار بوو، وە ئێمەش لەڕۆژی خۆیدا پیشبینیمان کرد، کە مارکسیزم بەرەو ئەوە دەڕوات کە بکەوێتە ژێر مەنگەنەوەو تەریك بکەوێتەوە. بە پووکانەوەی سۆڤێت، مارکسیزمی واقعیو ڕەخنەگری سۆڤێتیش بەهەرحاڵ بۆ ماوەیەك لە مەرکەزی گۆڕەپانی خەباتی فکریو سیاسی دەکەوێتە لاوەو ئەمە ئەو ڕووداوە بوو کە لەدەورانی لێڵی پاش کۆتاییهاتنی جەنگی سارددا بەکردەوە قەوما. ئەو شتەی کە من ئەمڕۆ خەریکم دەیڵێم ئەوەیە کە کەشوهەوا بۆ هەڵسووڕانی کۆمۆنیستەکان سەرلەنوێ لەبار ئەبێتەوە. گومان لەوەدا نییە کە خۆهەڵنانە دژی کۆمۆنیستییەکانی قسە وەشێنەکانی بۆرژوازیو هەراوهوریای کۆتایی کۆمۆنیزم تەنانەت ئەگەر نیشتبێتیشەوە، بەهەرحاڵ هەرگیز تەواو نەبووەو هیچ کاتێکیش تەواو نابێ. بەڵام واقعییەتێکی زۆر بەرچاو ئەوەیە کە ئەمڕۆ هەلومەرج بۆئەوەی کە کۆمۆنیستەکان پێبنێنە مەیدان، قسەی خۆیان بکەنو هێز کۆبکەنەوە بەتەواوی لە 10-8 ساڵی ڕابردوو لەبارترە. ئەو دەورەیە، دەورەی پاشەکشەو ئاوابوونی چەپگەرایی بوو و ئەمڕۆ دەورەی سەرهەڵدانو پێشڕەوی سەرلەنوێی ئەوە.

ڕێگەم بدەن بەکورتی بچمە سەر کاریگەرییەکانی ئەم دەورەیە لەسەر چەپو بەتایبەتی ڕەوتی خۆمانو قسەکانم بەم باسە کۆتایی پێبهێنم. دەورەی لێڵیو

سەرگەردانی، مەرج نیيە هەمیشە دەورەی تەسلیم بوونو رکود بێت. لەواقعدا لەزۆربەی کاتەکاندا بەپێچەوانەوەیە. ئەم دەورانانە، دەورەی سست بوونەوەی کۆتەکان، باوەڕەکان، تەقلیدەکان، وە ئەو کۆنترۆڵە تەقلیدیيانەیە کە ژیانو پراتیکی ئینسانەکان لەقاڵب دەدەن. دەورەکانی لێڵیو قەیران لە کۆمەڵگادا بەگشتی ئەو دەورانەن کە کەسەکان تیایاندا هەست بە دەست ئاوەڵایيیەکی زیاتر دەکەن، تەقلیدو دەزگاو حزبو بزووتنەوە جێکەوتووەکان کەمتر قورسایی دەکەنە سەر زەینی ئینسانەکانو هەربۆیە ئینسان هەست بە دەست ئاوەڵايیو سەربەخۆيیيەکی مەعنەویو عەمەلی زیاتر دەکات. بەشێك لە بەرچاوترین داهێنانەکان لە مەیدانە جیا جیاکاندا لە دەورەی لەم چەشنەدا سەریان هەڵداوە. کاتێك تەقلیدی ڕەسمیی، جا لەهەر قەڵەمڕەوێکدا بێت، بێئیعتبار دەبێتو دەچێتە ژێر پرسیارەوەو وەڵامە ڕەسمیيەکانو حەقیقەتە بەڵگەنەویستەکان دەچنە ژێر پرسیارەوە، کاتێك ئەوە دەسەلمێت کە نۆرمەکانی پێشوو کاراییو خاسییەتو هەربەم پێیە ئیعتباری خۆیان لەدەست داوە، بواری داهێنانو توێژینەوەو ڕەخنە فەراهەم دەبێت.

هەڵبەتە ئاکامی ئەم کۆششانە مەرج نیيە هەمیشە ڕەسەنو پێشکەوتنخوازانە بێت. لەم دەورەیەدا ئەم پرۆسەیە لەنێو چەپدا لەئاستی ملیۆنیدا ڕووی دا. گەلێکیان ڕۆیشتن نەك تەنها دۆگمەکان بەڵکو ئامانجەکانی پێشووی خۆشیان بدەنە بەر ڕەخنە، نەتەها بەکلێشەکان بەڵکو بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەی خۆشیان پێبکەنو نەتەنها لە بیروباوەڕ، بەڵکو لە دڵپاکيی تائێستای خۆیان بکەونە گومانەوە. لەنێو چەپی ئێرانو لەنێو خودی ئێمەشدا زۆرێك وایان کرد. زۆرێك، زۆربەی ئەوان، لەدرێژەی بیرکردنەوەو گومانەکانی خۆیاندا نەگەڕانەوە بۆ هیچ جۆرە چەپ گەرایيیەكو بوون بە کەشف کەرانی تازە بەدەوان گەیشتووی مەزایاکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری. مایکرۆفۆنیان دەخستە بەردەمی هەرکەسێك، لەوانە کەسانێك کە تەنانەت خودی خۆمان بەزەحمەت لە سۆسیالیزمی دێهاتیو جیهانی سێیەمی هەڵیانمان کەندبوو، یەکسەر بەدووروردرێژی دەکەوتە پێیا هەڵدانی دیموکراسی. چاو لە بڵاوکراوە چەپەکانی جیهان بکەن لەم دەورەیەدا، بزانن چۆن بەخێرایی ئەم باسە لەنێویاندا بووە باو کە پێویستە جێگای دیموکراسی لەنێو سۆسیالیزمدا بکەینەوە. بەشی هەرە زۆریان لەگەڵ ئەم شەپۆلەدا ڕۆیشتن. بەبڕوای من بۆیە ڕۆیشتن چونکە پێشتر لەژێر گوشارداو بەهۆی مەترەح بوونو موعتەبەر بوونی کۆمۆنیزمو مارکسیزم لە ناوەندی سیاسیو زانکۆییدا پێوەی پەیوەست

ببوون. ئێستا، کە کۆمۆنیزمو مارکسیزم بەڕەسمیو بەئاشکرا کەوتبووە بە پەلامارو خرابووە ژێر مەنگەنەوە ئەوانیش لەو گوشارە ڕزگار بوونو دەستیان کرد بەوەی کە قسەی خۆیان بڵێنو سازی خۆیان بژەنن. بەشێکی زۆریان بەلای ئەو ڕێبازە فکریو سیاسییانەدا ڕۆیشتن کە لەئێستادا بازڕیان گەرم بوو.

هەموومان شاهیدی ئەم دەورەی پەرتەوازەییە بووینو هەینو لەنێو خۆشماندا دەوری بووە. ئەم کاریگەرییانە هەم ئەبعادی ئیجابییان بووە هەم سلبی. سەربەخۆیی لە بیرکردنەوەو بڕیاردانو دوور کەوتنەوە لە قبوولّ کردنی سافو سادەی بۆچوونە ڕەسمیو ئەحکامە بەڵگەنەویستەکان پەرەی سەند، لە هەمان کاتدا گەلێك حەقیقەتی سۆسیالیستیو شۆڕشگێڕانەی گرنگ پشت گوێ خرا. دانانی ئەرکی سیاسی بۆ خۆت وەکو تاکە کەسو بوون بە هەڵسووڕاوی پشت بەخۆ بەستووی ئەم یان ئەو بزووتنەوەو دانانی پرۆژەی شەخسی بۆ خۆت، ڕەواجی پەیدا کرد، لە هەمان کاتدا فەزای کاری هاوبەش لەژێر چەتری نەخشەو تەرحە هاوبەشە حزبییەکاندا، هەڵسووڕان وەکو ئەندامی ڕێکخراوێكو گۆشەیەك لە نەخشەیەکی فراوانتر، لاواز بوو. لە ئاستێکی فراوانتردا ، بەتایبەت بۆ بەشێکی فراوان لە چەپی ئێران کە پەروەردەی تەقلیدی تەقدیس کردنی دواکەوتوویی میللیخۆ بوو، ئەم دەورەیە، دەورەی قووڵبوونەوە لە تێڕوانین بۆ ژیان، بۆ کۆمەڵگاو بۆ فەرهەنگ بوو. هەندێ کەس بەوە گەیشتن کە لەدەرەوەی دنیای میللیو وڵاتییو بزوتنەوەیی خۆیاندا، دنیایەکی فراوانتر بە هەمەچەشنیو ئاڵۆزیو دەسکەوتی مەزنەوە وجودی هەیە. ئەم ڕۆچوونە فکرییە دەرفەتی بۆ ڕەخسا، چونکە لەم دەورەیەدا کۆنترۆڵو نفوزی بزووتنەوەو تەقلیدە دواکەوتووانەکان لەسەر هەندێك کەس لاچوون.

ئەم دەورەیە لەزۆر ڕووەوە بۆ زۆر کەس دەورەی بەخۆدا چوونەوە بوو. نەك "ئیعادە نەزەر خوازییو ڕیڤیژینزم"، نەك دۆزینەوەی هەندێك مەکتەب بۆ تەفسیر کردنی بیرو بۆچوونەکانی پێشوو لەخزمەتی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکاندا، بەڵکو دەورەیەکی ئیعادە نەزەری فەردی، لە ئەفکارو ئومێدو ئاسۆکانی خۆ، لە مێژووی ژیانی خۆ، لە سیستمی بەهاو بیروباروەڕەکانی خۆ. زۆر کەس لە ڕوانگەی خۆیانەوە بە ئەنجامی گرنگ گەیشتن. منیش پێم وایە هەندێ کەس بەڕاستی بەئاکامی گرنگ گەیشتن. توانای ئینسانەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. زۆرێك توانییان لایەنی ئینسانیی سۆسیالیزمو ئینساندۆستیی قووڵی ئەو تێبگەن. زۆر کەس قووڵتر لەپەیوەندی نێوان سۆسیالیزمو ئازادیو خۆشگوزەرانی

ئینسانی تێگەیشتن. زۆر کەس توانا واقعیەکانی خۆیان باشتر ناسیو متمانەیان بەخۆیان پەیدا کرد. هەندێك لەو ئەحکامە مارکسیستییانەی کە لە دەورانی جەنگی ساردو لەژێر دەسەڵاتی تەعلیماتەکانی "کۆمۆنیزمی" ئۆردوگاییدا، نە بەدروستیو بەڕۆشنی بەیان دەکران، وە نە بەئاسودەییو زەین کراوەییەوە گوێی بۆ شل دەکراو نە بەقووڵی دەرك دەکرا، لەوانە باسەکانی خودی ئێمە لەمەڕ کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، لەم دەورەیەدا بە ڕوونییەکی زیاترەوە خرانە ڕووو وەرگیران.

بەم پێیە تا ئەو جێگایەی بۆ چەپو بەدیاریکراوتر بۆ ڕەوتی خۆشمان دەگەڕێتەوە بەبڕوای من ئەم دەورانی لێڵییە، ئەم دەورانی ناڕۆشنیو تەمومژو دڵەڕاوکێو بەخۆدا چوونەوەیە، گوزەراوە. هەڵبەتە بەپێچەوانەی ڕەوتە ماددییەکانی دەرەوەی خۆمانەوە، پێم وایە کۆتایی هێنان بەم دەورەیەو هەنگاونان بۆ دەرەوەی فەزایەك کە ئیتر بەحوکمی هەلومەرجی بابەتی دەورەی بەسەرچووە، هێشتا مەسەلەیەکی پراتیکییە. ئەم دەورەیە بۆ کۆمۆنیستەکان خۆبەخۆ تەواو نابێت، دەبێ هۆشیارانە کۆتایی پێبهێنرێت. هەلومەرجی بابەتیی ئێستا ئیتر ڕێگەمان پێ ئەدات کە بگەڕێینەوەو نەتەنها کۆتایی بەم دەورەی سەرلێشێواوییە بهێنین، بەڵکو ئەو قووڵیو هەمەجۆریو ئامادەییە پەرەسەندووانەی کە بەدەستمان هێناوە بخەینە خزمەتی خەباتێکی هەدەفمەندانەو ڕێکخراوەوە.

یەکێك لە ئاکامەکانی ڕەوندەکانی چەند ساڵی ئەخیر کە لەریزەکانی ئێمەدا بەرچاو بووە ئەوەیە کە "کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی" خرابووە لاوە. ڕێگەم بدەن مەبەستم لە کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی لەچەند ڕستەیەکدا دەرببڕمو تەسویرێکی لەسەر بدەم. کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی واتە بکەویتە ڕێو بەو ئینسانانەی کە دەردێکیان هەیە، وە لەسەرروویانەوە بەچینی کرێکار بڵێیت کە دەبێ کۆمۆنیست بن. لەنێوان خۆتو باقی کۆمنیستەکاندا پەیوەندیو ڕابیتە بەرقەرار بکەیت، لە مەیدانی سیاسەتدا دیفاع لە کۆمۆنیزم بکەیتو دەنگ بە کۆمۆنیستەکان بدەیت. کتێبەکانی مارکس بخوێنیتەوە. لەبەرامبەر سەرکوتکردنی کۆمۆنیزمو سۆسیالیزمدا مقاوەمەت بکەیت. ڕەخنە لە مەیلەکانی تری نێو کۆمەڵگاو دەروونی چینی کرێکار بگریتو لاوازییەکانیان نیشان بدەیت. ئەوە بڵێیت کە بەڵێنو ڕێگاچارە غەیرە کۆمۆنیستییەکان لە مێژووی کۆمەڵگاو مێژووی کرێکاراندا زۆرن بەڵام هیچ یەکێکیان وەڵامێکی بنەڕەتیی بە پێویستیی چینی کرێکارو کۆمەڵگا بە

ئـازادی نەداوەتـەوە. واتـە ئـەو کـارەی کـە کۆمۆنیـستەکان زیـاد دەکـاتو توانـای سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزم دەباتە سەر.

ئەم جۆرە هەڵسووڕانانە لەم ساڵانە نەبوونەتە جێسەرنجی سەرەکی حزبی ئێمە. هەڵبەتە هەمووان زۆر هەڵسووڕاو بوون. هەمووان هەوڵیان داوە لەڕێگای جیاجیاوە چـاکەی خۆیـان بگەیـەنن بـە کۆمـەڵگاو بەشـە ژێـر دەسـتو سـتەم لـێ چوو و ستەمدیدەکان. بەڵام ئێوە کڵاوی خۆتان بکەن بە قازی، چەندە کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیـستی، کـار وەکـو مارکسیـستێك لـە بزووتنـەوە فکرییەکانـدا، وەکـو سۆسیالیـستێك لـە بزووتنـەوە کرێکارییەکانـدا، کـار وەکـو فراکـسیۆنە کۆمۆنیـستییەکان لـە یەکێتییـە کرێکارییەکانـدا، کـار وەکـو هـەرا سـازکەرە کۆمۆنیستەکان لە شەقامەکانداو ئینسانە کۆمۆنیستەکان لە شوێنی ژیانو کاردا، ئەمانە چەندە بوونەتە خەسڵەتی تایبەتمەندی ئەم هەڵسووڕانانە. کاری ئێمە زیاتر ئـەوە بـووە کـە "خزمـەتی" سیاسـی-خەباتکارانـە پێـشکەش بـە تـەیفێك لـە بزووتنەوەکان بکەین لەبەرامبەر تەیفێك مەسەلەدا، کە هەموویان بەتێکڕایی، بەو کارەشەوە کە من باسم کرد، ناکاتە کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی.

ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی فەزای زاڵ بەسەر کۆمەڵگاداو بەسەر هەموو بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا، لەڕوویەکەوە ئەوەندە نەئەکرا خۆتی لێ لابدەیت. بەبڕوای من ئەو هێرشە فراوانەی کە بۆ سەر کۆمۆنیزمو ئەندیشەی مارکسیستی لە ئارادا بوو وەها ڕووی مەسـەلەکەی گۆڕیبـوو کـە ئـەو ڕەوتـەی بیویـستایە بێلەبەرچـاو گرتنـی هێزهاوسەنگیو کێشمەکێشی تیۆریی دەرەکی، بیروباوەڕە دەروونییەکانی خۆی تەنها بۆ خۆی دوو پات بکاتەوەو هەر بەهەمان شێوە کاری ڕابردووی خۆی درێژە پێبدات، زۆرتر لە فیرقەیەکی دینی دەچوو. بەبڕوای من ئەوەی کە زۆر کەس لە وەها هەلومەرجێکدا لەڕووی فکریو ڕەخنەییەوە خامۆشتر ببنەوەو خۆیان لەڕووی "پراتیکـی"یـەوە لـەژێر مەنگەنـە دەربێـننو خۆیـان سـەرقاڵی خزمـەتگوزاری لـە بزووتنـەوە هەنوکـەییو جۆراوجۆرەکانـدا بکـەن، کاردانەوەیـەکی زۆر سروشـتیو قابیلی دەرك بوو. قابیلی دەرك، بەڵام جێگای پشتیوانی نەبوو. بەهەرحاڵ قسەی ئەمڕۆی من ئەوەیە کە ئەو دەورەیە ئیتر تەواو بووە.

بەهەرحاڵ مەبەستی من لەم باسە ڕاکێشانی سەرنجی کۆنگرەیە بۆ ئەم پرسیارە کە ئایا حزبی ئێمە دەتوانێ ئاڵابەدەستی کۆتایی پێهێنانی ئەم دەورەی لێڵییە بێت بۆ چەپ، لانی کەم ئەو بەشەی کە ئێمە دەتوانین کاریگەری لەسەر دابنێین؟ ئەمە

پرسیارێکی ئاوەڵایە. بەبڕوای من دەتوانین. جێوشوێنی سیاسی ئایدۆلۆژیکیی ئۆبژەکتیڤی ئێمە لە چەپی ئێراندا، وە لە چەپی باقی وڵاتەکاندا، تا ئەو ڕادەیەی کە بەئێمە ئاشنایە، جێوشوێنێکی لەبارو سەرفرازانە بووە. جێوشوێنێکی ئیجابی بووە. من خۆم بەلەبەرچاوگرتنی ئەمە ئەوەندە نیگەرانی ئەو کاریگەرییە سلبیو پەرتەوازەکەرە نەبووم کە ئەم دەورەی لێڵییە لەسەر وەزعییەتی حزبیو پراتیکی حزبیی ئێمە دای دەنا. بەبڕوای من نەدەکرا لەودەورەیەدا بەتەواویو بەشێوەیەکی موتڵەق بەپێچەوانەی ئاراستەی واقعییەتێکی مەزنی مێژوویییەوە حەرەکەت بکرێت. گەلێك لەو کاریگەرییانە نەدەکرا خۆتی لێلابدەیت. ئەوە دەکرا کە سەنگەرە سەرەکییەکان پارێزگارییان لێبکرێتو خۆت بۆ شەپۆلی گەڕانەوە ئامادە بکەیت–هەر ئەو کارەی کە ئێمە کردمان. بەڵام نەدەکرا هەندێ شێوەی تایبەتی لە خەباتی فکریو عەمەلی بەسەر ئەو هەمووە کەسانەدا بسەپێنی کە ڕێك بەهۆی ئەوزاعی جیهانەوە گومانیان لەوە هەبوو کە سودێکی هەبێت. کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی، تەنانەت بۆ ئەوکەسانەش کە زەرورەتەکەیان دەرك دەکرد، لەجەرگەی ئەم دەورە تایبەتەدا ڕەنگە "فیرقەییو بێسەمەر" خۆی بنوانایە. حوکمی ئێمە لەبارەی دەبوواو نەدەبوواکانی دەروەی پێشووەوە هەرچییەك بێت، قسەی من ئەوەیە کە ئیتر ئەو دەورەیە تەواو بووە. ئەم کارانە ئیتر فیرقەییو بێسەمەر نییە.

ئەمە بزووتەوەیەکەو ئینسانە جیاجیاکان بەتواناو پێشینەو قەڵەمڕەوە تخصصییە تایبەتەکانەوە تیایدا بەشدارن. بەبڕوای من هەموو ئەو کەسانەی کە دەتوانن، بەبێ سەرف کردنی ئینێرژی هەرقلی، لە سازماندانی ناوکۆکەی سەرەکی هەڵسووڕانی ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی لە مەیدانە جیاجیاکاندا دەور بگێڕن، دەبێ حەتمەن وا بکەن. باسەکەی من ئەوە نییە کە دەبێ هەمووان مولزەم بکرێن کە لەمە بەدوا کارێکی تایبەتی ئەنجام بدەن، یان لە واقعدا وەکو نوێژ "ئادای بکەن". ئەوە ئەرکی حزبە کە سەرنجی پێویست بداتە ئەمە بۆئەوەی هێزی هەڵسووڕانێکی بەم جۆرە کۆبێتەوەو ئامادە بێت. من خۆم پێم وایە مارکسیزم ئیتر ئەو دەورە دژوارەی تێپەڕاندووە. وەختێك سەیر ئەکەین، ئایدۆلۆژییە بۆرژواییەکان لەحاڵەتی هێرشبەرانەدا نابینین. نەتەنها ئەمە بەڵکو خودی ئەوان لە ئەزمەدا پەلوپۆ دەکوتن. ڕێبازە ئایدۆلۆژیکییە سەرەکییە بۆرژواییەکان تەنانەت توانای ئەوەیان نییە کە لەبەردەم گەشەی فاشیزمدا ڕیزبەندییەکی سادە پێکبهێنن. تەنانەت ناتوانن لە سکۆلاریزم دیفاع بکەن، کە بۆ ماوەی چەندین دەیەو لەهەندێ حاڵەتدا چەندین

سەدە سیستمی دەسەڵاتداری گەلێك لە كۆمەڵگا غەربی‌یەكان بووە. ناتوانن بەر بە چوونی تەعالیمی دینی بۆ ناو قوتابخانەكان بگرن. ناتوانن وەڵامی قەوم چێتی بدەنەوە كە ئیتر بووەتە مایەی بشێوی خودی سەرمایە. وە تازە تەنانەت فاشیزمو ناسیۆنالیزمی قەومی كە ئەمانە ڕەوتە ئایدۆلۆژیكە هەوسار پچڕیوو و لە قەفەس دەرباز بووەكانی ئەم دەورەیەی جیهانی سەرمایەداری بوون، لەچڵەپۆپەی گەشەی خۆیان هاتوونەتە خوارەوەو ئیتر خەریكن لەپێ ئەكەون. من، ئەوە هیچ كە هیچ ڕێبازێك لە ئایدۆلۆژی بۆرژوازی لەحاڵەتی هێرشبەرانەدا نابینم، بەڵكو لە جێ‌وشوێنێكی ڕاوەستاو كە ئیمكانی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ماركسیزمو كۆمۆنیزم پێ‌بدات نابینم. كۆمۆنیزمی كرێكاری دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ قاڵبە واقعی‌یەكەی خۆی، واتە ڕەوتێك بێت كە ڕەخنە دەگرێت، هێرش دەبات، وە لەكۆمەڵگا هێز وەردەگرێت. ڕەوتێك كە ئەركی گۆڕینی جیهانە، نەك وەكو ساڵانی ئەخیر كاری تەنها پووچەڵ كردنەوەی پەلاماری بۆرژوازی بێت. ئێمە لەم شەش حەوت ساڵەی ڕابردوودا توانیمان هەندێك سەنگەر ڕاگرین. ئێستا كاتی ئەوە هاتووە كە هەستین‌و پێشڕەوی بكەین. جا ڕەنگە چەند هەنگاو لەولاتریش دیسانەوە ناچاربین ڕاوەستین‌و ئەو جێ‌وشوێنە بپارێزین كە بەدەستمان هێناوە. بەڵام ئەوەی گومان هەڵنەگرە ئەوەیە كە كاتی پێشڕەوی هاتووە.

كاری كۆمۆنیستی، كاری ڕاستەوخۆی كۆمۆنیستی، ئەمە عیبارەتی سەرەكی ئەم دەورەیەیە. بەڵام، پاش ئەمە ڕەنگە پێویست بێت تێبینی‌یەكیشی بخەمە سەر، كە خودی پێویست بوونەكەی زۆر دەردناكە. ڕاستی‌یەكەی لەوە ئەترسم كە كاتێك من باسی گرنگی حەیاتی‌ی كاری كۆمۆنیستی ڕاستەوخۆ دەكەم، دیسانەوە كەسێك هەستێتە سەرپێ‌و ئەم لێكدانەوەیە لە قسەكەی من بەدەستەوە بدات كە گوایا ئیتر ئەولەویەت بۆكارەكانی تر، كار لە فیدراسیۆنی شوراكانی پەنابەران، كار لەگەڵ كۆمیتەكانی هاوپشتی كرێكاری، كار لەگەڵ كرێكاری ئەمڕۆ و ...تاد دانانێم. دەبێ هەر لەپێشدا بڵێم نەخێر، مانای ئەم قسەیە ئەمە نی‌یە. چەندین جار دووپاتمان كردووەتەوە كە توانای كۆمۆنیستەكان لە ڕێكخستن‌و ڕێنوێنی كردن‌و كاریگەری دانان لەسەر تەیفێكی زۆر لە خەبات‌و كەمپینەكانی لەم بابەتە، ڕێك لە كۆمۆنیست بوون‌و كاری كۆمۆنیستی كردنیانەوە سەرچاوە دەگرێ. كۆمۆنیست ڕێك لەبەر ئەوەی كۆمۆنیستەو لەنێو كرێكاراندا قسەی كۆمۆنیستی دەكات‌و كاری كۆمۆنیستی دەكات، لەبەر ئەوەی هەموو توانای فكری‌و عەمەلی‌و ڕێكخراوەیی بزووتنەوەی

کۆمۆنیستی کرێکاری لەپشتە، لە بزووتنەوەکانی ترو ئەبعادەکانی تری خەباتی کۆمەڵایەتیدا نفوز پەیدا دەکات. کۆمۆنیستەکان تەنها وەکو ڕابەرانێك کە بە ڕادیکالیزمو سۆسیالیزمو ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگاو بزووتنەوە ڕۆژانەکان ناسراون، لە یەکێتی وەیان کەمپینەکانو جەبهەکانی خەباتی ئازادیخوازانەدا ئیعتبارو نفوز پەیدا دەکەنو کاریگەری دادەنێن. کاری کۆمۆنیستیو ناسنامەی کۆمۆنیستی نەتەنها ئەلتەرنەتیڤی خۆنواندن لە قەڵەمڕەوەکانی تری خەباتی کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو بۆ کۆمۆنیستێك مەرجی پێویستی سەرکەوتنە لەم مەیدانانەدا. ئەگەر کۆمۆنیستێك بیەوێت لە یەکێتیدا دەور بگێڕێ دەبێ وەکو کۆمۆنیست دەور بگێڕێ، ئەگەرنا ئەوا یونیونیستی لە ئێمە باشتر زۆرە. کرێکاران ڕێك لەبەرئەوەی پێیان وایە کۆمۆنیستەکان کۆمۆنیستنو وڵامیان پێیە دەچن بەلایاندا. بەپێچەوانەوە بەبڕوای من پێویستە هەڵسووڕانی ئێمە لە مەیدانەکانی تردا چەند قات زیاد بکات چونکە بڕیارە وەکو کۆمۆنیست، نەك هەڵسووڕاوی سادەی هەمان مەیدان، تیایاندا بەشداری بکەین. خەبات کردن بەشێوەی جیاجیاو لە مەیدانی جیاجیادا هیچ کاتێك ناکۆکی نەبووەو نییە لەگەڵ ئەوەدا کە ئایدۆلۆژیو ئامانجێکی سەرەکیت هەبێت، دەرکێکی ڕۆشنت لە خەباتی چینایەتیو پابەندییەکی قووڵت بە بزووتنەوەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە هەبێت. بەم پێیە ئەو دەرکەی کە پێداگرتن لەسەر کاری کۆمۆنیستی بە بانگەوازی کەم کردنەوەی چالاکییە جۆراوجۆرە جانبییەکانی حزب دادەنێ، لەڕادەبەدەر میکانیکیو بێجێیە. ئینسان دەبێ بتوانی هەم پاسکیل لێبخوڕێو هەم فیکە لێبدات! پێویست ناکات کەسێك بۆ فیکە لێدان لەپاسکیلەکەی دابەزێ! بزووتنەوەی ئێمەش ڕێك تەنها بەهیمەتی ئەو ئینسانانە دەتوانێ بەرەو پێشەوە بڕوات کە بتوانن بەشێوەیەکی زیندووو جۆراوجۆر کار بکەن، کەسانێك کە بتوانن بە سواری پاسکیلەوە فیکە لێبدەن! کۆمۆنیست بنو لە یەکێتییەکاندا هەڵسووڕێن، کۆمۆنیست بنو بکەونە ڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێکی ڕۆژانەوە لەدژی هەڵاواردنو مەحرومیەت...

بەهەرحاڵ هەروەکو باسم کرد، کەم ڕەنگ بوونەوەی کاری کۆمۆنیستی بەمانای تایبەتی ووشەکە، وە ڕازی بوونو جێگاخۆش کردنی هەڵسووڕاوی کۆمۆنیست لە مەوقعیەتی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەو کەمپینە جۆراوجۆرەکاندا، بەڕێکەوت نەبوو، ئاکامی دەورەیەکی تایبەت بوو کە ئێستا خەریکە تەواو دەبێ. بەڵام درێژەدان بەو

شـتەی کـە لەجەرگـەی دەورەی پێـشوودا بـە قـابیلی ڕوونکردنـەوەو قـابیلی دەرك دەژمێـردرا لـە دەورەی داهـاتوودا، لـە دەورەیەکـدا کـە پێئەنێینـە ناویـەوە، ئـیتر بێپاساوەو نابێ لێی خۆش ببین.

تـا ئەوجێگایـەی کـە دەگەڕێتـەوە بۆ تاکەکانو تێفکرینو ئیعادەنەزەرەکانیان لـە دەورەی پێـشوودا، دەبـێ بڵـێین کـە فرسـەتێکی زۆرمـان هـەبووە بـۆ تێڕوانینـی سەرلەنوێ بۆ خۆو بۆ سیاسەتو بۆ دەوری خۆمان لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بەروبومی ئەم قووڵبوونەوەو خۆیەکلاکردنەوەیە ببینین. بۆ ئەو کەسانەی کە لەم مەیدانەدان، ئاراستەی حەرەکەتەکە ڕۆشنە. ڕێگا بۆ هەڵسووڕانی چڕوپڕی کۆمۆنیستی، بێئەم کەنارو ئەو کەنار کردن، بێکەموکاست، ئاوەڵایە. ڕێگرییەکانی دوێنێ، هەلومەرجی دوێنێو گوشارەکانی دوێنێ، ئیتر خەریکن لەسەر ڕێگای ئێمە لائەچن. ئەگەر تادوێنێ کارێك هەبوو کە بە حوکمی هەلومەرجەکە نەدەکرا ئەنجام بدرێت، ئەمڕۆ ئیتر دەکرێ ئەنجام بدرێت. ئەگەر لە جەرگەی ئەو هێرشە فراوانە سیاسیو تەبلیغاتییەی دەورەی پێشوودا ئەو چاوەڕوانییەی کە هەڵسووڕاوانی حزب کۆڕی خوێندنەوەی مانیفێستی کۆمۆنیستو سەرمایە پێك بهێننو پەرەی پێبدەن چاوەڕوان نەکراو بوو، ئەمڕۆ ئیتر وا نییە.

ئەو شتەی کە من وەکو یەکێك لە بەشدار بووان پێم خۆشە ئەم کۆنگرەیەی پێ بناسرێتەوەو پێی پێناسە بکرێت بەرجەستە بوونەوەی کاراکتەری کۆمۆنیستیی حزبە. دەمەوێ دواتر ئاوا باس بکرێت کە لەم کۆنگرەیەدا، کاری کۆمۆنیستی، نەخشەو پرۆژە کۆمۆنیستییەکانو هاویشتنی تیشکی کۆمۆنیستی بۆسەر تەیفی فراوانی هەڵسووڕانەکانی ئێمە جێگای خۆی دۆزییەوە. ئومێدەوارم کۆنگرە بەم ئاراستەیەدا بڕواتو ئەم ئاواتەی من ئاواتی زۆربەی هاوڕێیانی تریش بێت. باسەکەی من لەسەر دەرکردنی ڕێنوێنیو ڕاگەیاندنو بڕیارێکی تایبەتی نییە. بەڵکو سەرنجدانی ئیسپاتیی خودی کادرەکانی ئەم حزبەم دەوێ....

ئێمە حزبێکین کە هەموو شتێکمان ، بیروباوەڕمان، پێشینەمانو سیاسەتەکانمان، بە ئێمە دەڵێن کە دەبێ لە هەڵوێستێکی پەلاماردەرانەدا بین. ئەو حزبەی کە نوێنەرانی لەم کۆنگرەیەدا ئامادەن، چ لەڕووی سیاسیو چ لەڕووی عەقیدەییەوە هیچ قەرزارباری هیچ کەسێك نییە لە هیچ شوێنێکی دنیادا. ئەمە ڕەوتێکی سەرفرازە کە ئەمڕۆ بە شاهیدیی ئەم کۆنگرەیە، لە کۆتایی دەورەیەکدا کە ناویان

**نابوو دەورەی "مەرگی کۆمۆنیزم"، زیندو بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری جاڕ دەداتو بانگەوازی دەستپێکی دەورەیەکی هێرشبەرانەی کۆمۆنیستی کرێکاری‌ی بۆ سەر نیزامی کۆنەو ئابڕو تکاوی سەرمایەداری دەکات. ئەم کۆنگرەیە دەبێ کۆنگرەی ئەم بانگەوازە بێت.**

**ئەم ووتارە یەکەم جار لە انترناسیونال (بڵاوکراوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌ی ئێران)ی ژمارە 15-ی سپتەمبەری 1994دا بڵاو بووەتەوە.**